Ulf Eskilsson

# ماتەماتیکی دە مەتری




Sica

Matte att räkna med – utmaningar för hela klassen!

Ulf Eskilsson

Sica - www.sica.se

Översättning till kurdiska: Asos Shafeek, Stockholm 2017

ماتەماتیکی دە مەتری.

دەفتەرچەیە بۆ پۆلەکانی ئاستی بەرایی.

نووسەر: Ulf Eskilsson

وەشانخانە: Sica

تەرجەمەی لە سوێدییەوە: ئاسۆس شەفیق، ستۆکهۆلم 2017

ئەم تەرجەمە کوردییە پێشکەشە بە فێرخواز و مامۆستای کوردستان، بۆ بازاڕ و فرۆشتن نییە.

**پێڕست**


| | |
|---|---|
| لە «سەرشار»ەوە | 5 |
| دابەشکردنی یەکسان | 6 |
| کێ کێیە؟ | 7 |
| نیگاری ڕەنگاڵە | 8 |
| دیدار تەک ژمێرک | 9 |
| پۆشاکی ڕەنگاڵە | 10 |
| تەونی سەدەکی | 11 |
| گەورەکردن | 12 |
| ژماردن بە نیگار | 13 |
| ماڵی هەڤاڵان | 14 |
| کاتژمێر | 15 |
| نیگارکێشی | 16 |
| وشەی نهێنیی ماتەماتیک | 17 |
| ماڵی هەڤاڵەکەت لە کوێیە؟ | 18 |
| پرسیاری سێ بژارە دەربارەی یەکەی پێواندن | 19 |
| خشتە | 20 |
| نەخشە | 21 |
| مەتەڵ | 22 |
| کێلەڕێی دەستکردی خۆت | 23 |
| پۆلێنی ئەلفوبێ | 24 |
| تەونی هەزارەکی بە دەیان | 25 |
| شەترەنج | 26 |
| کێ بوو براوەی بادمینتۆن؟ | 27 |
| خشتەی پۆل | 28 |
| نەخشی ژمارە | 29 |
| پسوولەیەکی پەنهان | 30 |
| گەنجی شاراوە | 31 |
| پەیجۆری | 32 |
| میوە بۆ پۆل بکڕە | 33 |
| تەونێکی دیکەی سەدەکی | 34 |
| چی دەبینیت؟ | 35 |
| پەیژەی ئەڵوەند | 36 |
| مەلەوانگە | 37 |
| لیستۆک بۆ پۆلەکەت | 38 |
| چۆن دەکەیت؟ | 39 |
| سوودۆکوو بە چوار ژمارە | 40 |
| زانڕۆژی لە کام مانگدایە؟ | 41 |
| چوارگۆشەی لێ ساز بکە | 42 |
| نیگاردۆزی | 43 |
| سەنگی ئەم بارە چەندە؟ | 44 |
| گەیشتینە ئامانج | 45 |
| بەرۆکگیریی دیکە | 46 |
| هەڵسەنگاندن | 47 |

**بۆ فێرخواز**

**ناو:** - - - - - - - - - - - - -

**بەروار:** - - - - - - - - - - - -

**پۆل:** - - - - - - - - - - - .

- ئەم کتێبە چەند لاپەڕەیە؟
- لاپەڕەکانی نێوەندی ئەم کتێبە ژمارەی چەندیان لەسەرە؟
- کاتێک دەگەیتە لاپەڕە بیست، چەند لاپەڕە دەمێنێت هەتا کۆتای کتێبەکە؟
- لە کام لاپەڕەدا «بەرۆکگیریی دیکە» هەیە؟
- «هەڵسەنگاندن» دەکەوێتە کام لاپەڕەیەوە؟
- کام لاپەڕە لە هەموان خۆشترە کاری لەسەر بکەیت؟

**بۆ مامۆستا**

«ماتەماتیکی دە مەتری» دەفتەرچەیەکی ڕاهێنانە بۆ پۆلەکانی ئاستی بەرایی، بەرۆکی بیرکردنەوەی فێرخواز دەگرێت. فێرخواز تێیدا بەرکەوتی دەبێت تەک پرسیاری گونجاو بۆ تەمەنی خۆی و هەروەها نێزیک لە گوزەرانی ڕۆژانەی خۆی. هەر وانەیەک دەربارەی بابەتێکی دیاریکراوە و داوای وریایی و کونچکان دەکات. جار هەیە فێرخواز پێویستی بە ژمێرک دەبێت بۆ ئەنجامدۆزیی پرسیارەکانی ئەم کتێبە. مەبەست لە پرسیارەکان هاندانی گفتۆگۆی ماتەماتیکانەیە. ماتەماتیک شادیهێنە!

ئایا فێرخوازەکانت دەروەستی دە مەتر ماتەماتیک دێن؟ پرسیارێکی دوورودرێژی کۆکاری و کەمکاری لە دامێنی هەموو لاپەڕەکاندا خۆی مەڵاس داوە. فێرخواز لە کۆتای ئەم پرسیارەدا پتر لە دە مەتر ماتەماتیک دەژمێرێت.




**له سەرشارەوە**

وەرە خەریکی پێواندن دەبین. ئەم ڕێڕەوە بگرە بەر. بەرسڤی هەر پرسیارێک دەبێتە سەرەتا بۆ بەرۆکگیرییەکی نوێ. کاتێک دەگەیتە کۆتای ئەم کتێبە پتر لە دە مەتر ماتەماتیکت پێواوە.

**Serşar!**

1+2+3+4= ___ → ___ - 6 = ___ → ___ + 10 = ___ →

___ + 6 = ___ → ___ + 10 = ___ → ___ - 7 = ___ →

___ - 3 = ___ → ___ - 10 = ___ → ___ + 7 = ___ →

___ - 7 = ___ → ___ + 10 = ___ → ___ - 7 = ___ →

___ + 6 = ___ → ___ + 10 = ___ → ___ - 7 = ___ →

___ + 6 = ___ → ___ - 10 = ___ → ___ - 7 = ___ →

___ + 9 = ___ → ___ - 10 = ___ → ___ + 5 = ___

وەڵامەکەت بگوێزەوە بۆ لاپەڕەی داهاتوو!

## دابەشکردنی یەکسان

| | | |
|---|---|---|
| ئەم چوارگۆشانە، هەریەکەیان بە جۆرێک، بکە بە دوو بەشی یەکسان. | | |
|  | | |
| ئەم سێگۆشانە، هەریەکەیان بە جۆرێک، بکە بە دوو بەشی یەکسان. | | |
|  | | |
| ئەم شەشگۆشانە، هەریەکەیان بە جۆرێک، بکە بە دوو بەشی یەکسان. | | |
|  | | |



| | | |
|---|---|---|
| ___ - 6 = ___ | ___ + 10 = ___ | ___ - 7 = ___ |

## کێ کێیە؟

ناوی دروست لە ژێر هەر وێنەیەکدا بنووسە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ماردین بە تەمەن گەورەترینە.<br>نەوزاد بە تەمەن بچووکترینە.<br>سەیوان منداڵترە لە ماردین. |  |  |  |
| | | | |
| سۆما باڵای کورتترینە.<br>مەریەم باڵای بەرزترینە.<br>ڕەوشەن باڵای لە سۆما بەرزترە. |  |  |  |
| | | | |
| خەپۆل لە هەموان سەنگینترە.<br>سەنگی پەری لە هەموان کەمترە.<br>سەنگی شێرۆ لە سەنگی پەری زیادترە. |  |  |  |
| | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | |
| | ____ - 10 = ____ | ____ + 5 = ____ | ____ + 5 = ____ |

## نیگاری ڕەنگاڵە

وێنەی هەر یەک لەم نیگارانە بە ڕاستە لە ژێر خۆیدا بکێشەوە.



کام نیگار زۆرترین گۆشەی هەیە؟

کام نیگار کەمترین گۆشەی هەیە؟

| | | |
|---|---|---|
| ____ + 6 = ____ | ____ - 10 = ____ | ____ - 3 = ____ |

**دیدار تەک ژمێرک**

تۆ پرسیار لە کەسێک دەکەیت و ئەو بۆی نییە قسە بکات. ئەو کەسە بۆی هەیە وەڵامەکانی خۆی بە ژمێرک پێشانی تۆ بدات.

ناوی ئەو کەسەی تۆ پرسیاری ئاڕاستە دەکەیت: - - - - - - - - - - - - - - - -.




دیدار

- تەمەنت چەندە؟
- پۆلی چەندیت؟
- چەند فێرخواز لە پۆلەکەتدا هەیە؟
- چەند فێرخوازی کچ لە پۆلەکەتدا هەیە؟
- چەند فێرخوازی کوڕ لە پۆلەکەتدا هەیە؟
- چەند خانوو لە گەڕەکەکەتان هەیە؟
- ژمارەی تەلەفۆنەکەت چەندە؟
- ئەمە چ مانگێکە – بە ژمارە؟
- ئەمڕۆ چەندی مانگە؟
- چەند خوشکوبرات هەیە؟
- چەند هاوڕێت هەیە؟
- لە پەنجەرەی ژمێرکەکەتدا جێی چەند ڕەنووس دەبێتەوە؟
- بەرزترین ژمارە بەو ژمێرکەی تۆ بنووسرێت، چەندە؟

| | | |
|---|---|---|
| | | |
| ___ + 9 = ___ | ___ + 7 = ___ | ___ - 10 = ___ |

## پۆشاکی ڕەنگاڵە

ئەم تیشێرتانە ڕەنگڕێژ بکە، هەر یەک بە ڕەنگێک.



بۆچی کە دوو تیپ بەرانبەر یەک یاری دەکەن دەبێت ڕەنگی پۆشاکیان جیاواز بێت؟

ژمێرک بەکار بهێنە!

| | | |
|---|---|---|
| | | |
| ___ + 99 = ___ | ___ + 290 = ___ | ___ - 396 = ___ |

**تەونی سەدەکی**

ژمارە گلاوەکان پڕ بکەوە.

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 0 | 1 | 2 | 3 | | | 6 | 7 | 8 | 9 |
| 10 | 11 | 12 | | 14 | 15 | | 17 | 18 | 19 |
| 20 | 21 | | 23 | 24 | 25 | 26 | | 28 | 29 |
| 30 | | 32 | 33 | 34 | 35 | 36 | 37 | | 39 |
| | 41 | 42 | 43 | 44 | 45 | 46 | 47 | 48 | |
| | 51 | 52 | 53 | 54 | 55 | 56 | 57 | 58 | |
| 60 | | 62 | 63 | 64 | 65 | 66 | 67 | | 69 |
| 70 | 71 | | 73 | 74 | 75 | 76 | | 78 | 79 |
| 80 | 81 | 82 | | 84 | 85 | | 87 | 88 | 89 |
| 90 | 91 | 92 | 93 | | | 96 | 97 | 98 | 99 |

ئەو خانەیەی تۆ پڕی دەکەیتەوە، ڕەنگڕێژ بکە. نیگارێک خویا دەبێت. دەتوانیت وێنەی بکێشیت؟

کام ڕەنووس کەمترین جار لەو تەونەدا بوونی هەیە؟

| | | |
|---|---|---|
| | | |
| ___ + 6 = ___ | ___ + 10 = ___ | ___ - 7 = ___ |

**گەورەکردن**

وێنەکانی دەستەچەپ لە تۆڕی دەستەڕاستدا گەورە بکە.







| | | |
|---|---|---|
| ___ + 7 = ___ | ___ + 10 = ___ | ___ - 9 = ___ |

**ژماردن بە نیگار**

ژمارەی ئەم نیگارانە بدۆزەوە و پاشان لە خشتەکەی دامێندا ژمارەکان بنووسەوە.






| | | |
|---|---|---|
| | | |
| ____ + 6 = ____ | ____ - 10 = ____ | ____ - 7 = ____ |

**ماڵی هەڤاڵەکانت**

ئەم گەڕەکە هەشت خانووی تێدایە و هەر یەکەیان ماڵی یەک لە هەڤاڵەکانی تۆیە. ژمارە بدە لە خانووەکان. تاکژمار بۆ لای ڕاست و جووتژمار بۆ لای چەپ. ناونیشانی هەڤاڵەکانت بخوێنەوە و ئەوجا ناویان لە ئاست ماڵەکانی خۆیاندا بنووسەوە.



ژمارە....1....

خانووی..بۆکان....



ژمارە........

خانووی..........



ژمارە........

خانووی..........



ژمارە........

خانووی..........



ژمارە........

خانووی..........



ژمارە........

خانووی..........



ژمارە........

خانووی..........



ژمارە........

خانووی..........

خانووی ژمارە یەک ماڵی بۆکانە. ماڵی ئومێد بە تەنیشت ماڵی بۆکانە. ماڵی زەریا بەرانبەر ماڵی بۆکانە. ماڵی ئومێد بەرانبەر شانازە. ماڵی شاناز تەنیشت سەیوانە. خانووی پەری جووتژمارە. ماڵی کۆسار بەرانبەر پەرییە. ماڵی یاران لە نێوان ماڵی دوو کوردیایە.

| | | |
|---|---|---|
| | | |
| ___ + 9 = ___ | ___ + 10 = ___ | ___ - 9 = ___ |

**کاتژمێر**

میلی کاتژمێرەکان بکێشە و کاتەکانی سۆسەن پێشان بدە. پاشان ستوونی کاتەکانی خۆیشت پڕ بکەوە.

| کات | سۆسەن | خۆم |
|---|---|---|
| کاژێر هەفتی بەیانی هۆشیار دەبێت. |  |  |
| کاژێر هەفت و نیو بەرچایی دەخوات. |  |  |
| کاژێر هەشت دەستپێکی فێرگەیە. |  |  |
| کاژێر یازدە فراڤینە (ژەمی نیوەڕۆ). |  |  |
| کاژێر دوو کۆتای فێرگەیە. |  |  |
| کاژێر سێ دەگاتەوە ماڵ. |  |  |
| کاژێر هەشت کاتی خەوە. |  |  |

کاتژمێر و کاتی بڕیاردە (بڕیاردراو) بۆچی باشن؟ - - - - - - - - - - - - - - - - - - - .

| | | |
|---|---|---|
| ___ + 5 = ___ | ___ - 10 = ___ | ___ - 10 = ___ |

## نیگارکێشی

ڕاستە بەکار بهێنە بۆ کێشانی ئەم نیگارانە.




| | |
|---|---|
| چوارگۆشەیەک لە بان سێگۆشەیەک بکێشە | پێنجگۆشەیەک لە نێوان دوو سێگۆشەدا بکێشە |
| سێگۆشەیەک لە نێو لاکێشەیەکدا بکێشە | چوارگۆشەیەک لە نێو سێگۆشەیەکدا بکێشە |
| دوو سێگۆشە لە نێو چوارگۆشەیەکدا بکێشە | لە دامێنی لاکێشەیەکدا بازنەیەک و سێگۆشەیەک نیگارکێش بکە |
| خانوویەک بە نیگاری جیاواز بکێشە | |

| | | |
|---|---|---|
| | | |
| ___ + 70 = ___ | ___ + 30 = ___ | ___ - 100 = ___ |

## وشەی نهێنیی ماتەماتیک

| | |
|---|---|
| A | 1 |
| B | 2 |
| C | 3 |
| Ç | 4 |
| D | 5 |
| E | 6 |
| Ê | 7 |
| F | 8 |
| G | 9 |
| H | 10 |
| I | 11 |
| Î | 12 |
| J | 13 |
| K | 14 |
| L | 15 |
| M | 16 |
| N | 17 |
| O | 18 |
| P | 19 |
| Q | 20 |
| R | 21 |
| S | 22 |
| Ş | 23 |
| T | 24 |
| U | 25 |
| Û | 26 |
| V | 27 |
| W | 28 |
| X | 29 |
| Y | 30 |
| Z | 31 |

| | |
|---|---|
| 14, 18, 14, a, 21, 12 | ... |
| 14, 6, 16, 14, 1, 21, 12 | ... |
| 5, 26, 10, 7, 17, 5 | ... |
| 17, 12, 28, 10, 7, 17, 5 | ... |
| 9, 6, 28, 21, 6, 24, 11, 21 | ... |
| 2, 11, 4, 26, 15, 24, 11, 21 | ... |
| 5, 21, 7, 13 | ... |
| 5, 21, 7, 13, 24, 11, 21 | ... |
| 10, 6, 21, 6, 5, 21, 7, 13 | ... |
| 14, 25, 21, 24 | ... |
| 14, 25, 21, 24, 24, 11, 21 | ... |
| 10, 6, 21, 6, 14, 25, 21, 24 | ... |

GEWRETIR, BIÇÛKTIR, DRÊJ,

KOKARÎ, KEMKARÎ, HERE KURT,

DRÊJTIR, DÛHÊND, HERE DRÊJ,

KURT, NÎWHÊND, KURTTIR

ناوی خۆت بە ژمارە بنووسە.

ناوی فێرگەکەت بە ژمارە بنووسە.

| | | |
|---|---|---|
| ____ + 35 = ____ | ____ + 30 = ____ | ____ - 60 = ____ |

**ماڵی هەڤاڵەکەت لە کوێیە؟**




بەنیازیت سەردانی هەڤاڵێکت بکەیت. سەرەداوەکان بخوێنەوە، بیر بکەوە و ئەوجا بنووسە.

- ❖ ماڵی کاردۆ لە دەروازەی **A** یە، نهۆمی سێهەم.
- ❖ ماڵی ئەردەوان لە دەروازەی **B** یە، نهۆمی چوارەم.
- ❖ دەروازەی ماڵی ژاڵە جودایە لەوەی ئەردەوان و کاردۆ. ژاڵە لە نهۆمی چوارەمە.
- ❖ ماڵی مەهۆش دەکەوێتە ژێر ماڵی کاردۆ.
- ❖ ماڵی ئازاد لە نهۆمی یەکەمی هەمان دەروازەی ماڵی کاردۆیە.
- ❖ ماڵی هێلین لە نهۆمی چوارەمی هەمان دەروازەی ماڵی مەهۆشە.
- ❖ ماڵی ئاکۆ هاودەروازەی ئەردەوانە بەڵام لە نهۆمی دووهەمە.
- ❖ ماڵی ئەڵوەند دەکەوێتە نێوان ئەردەوان و ئاکۆوە.
- ❖ ماڵی گوڵان لە دەروازەی **C** یە، نهۆمی یەکەمە.
- ❖ ماڵی هانا لە نهۆمی هەرە ژێرە و هاودەروازەی ئەردەوانە.
- ❖ ماڵی ڕەوشەن لە بان ماڵی گوڵانە.

ماڵی هەڤاڵەکەت ئەو ماڵەیە کە ماوەتەوە و هاودەروازەی ژاڵەیە. کام ماڵەیە؟

| | | |
|---|---|---|
| ___ + 20 = ___ | ___ - 5 = ___ | ___ - 20 = ___ |

**پرسیاری سێ بژاره دەربارەی یەکەی پێواندن**

بازنەیەک بە دەوری وەڵامی دروستدا بکێشە.

| پرسیار | 2 | X | 1 |
|---|---|---|---|
| کام یەکەی پێواندن بەکار دەهێنیت بۆ پێواندنی سەنگ (بارستەی)ی خۆت؟ | چرکە | لیتر | کیلۆگرام |
| کام یەکەی پێواندن بەکار دەهێنیت بۆ پێواندنی باڵای خۆت؟ | سانتیمەتر | کیلۆمەتر | میل |
| کام یەکەی پێواندن بەکار دەهێنیت بۆ پێواندنی کات لە ڕاکردنی شێست مەتریدا؟ | چرکە | ڕۆژوشەو | کاژێر |
| کام یەکەی پێواندن بەکار دەهێنیت بۆ پێواندنی مەودای مەلەکردنی خۆت؟ | کیلۆگرام | دێسیلیتر | مەتر |
| کام یەکەی پێواندن بەکار دەهێنیت بۆ دەربڕین لە مەودای خەوتنی خۆت؟ | هەفتە | مانگ | کاژێر |
| کێلەڕێ کام یەکەی پێواندن بەکار دەهێنێت بۆ پێشاندانی مەودا هەتا شارێکی دیاریکراو؟ | گرام | کیلۆمەتر | لیتر |
| کام یەکەی پێواندن بەکار دەهێنیت بۆ دەربڕین لە تەمەنی خۆت؟ | گرام | ساڵ | میل |
| کام یەکەی پێواندن بەکار دەهێنیت بۆ دەربڕین لە خێرایی؟ | تۆن | کیلۆمەتر لە کاژێردا | دێسیلیتر |

| | | |
|---|---|---|
| ___ + 11 = ___ | ___ - 10 = ___ | ___ - 4 = ___ |

**خشتە**

خشتەکان بخوێنەوە و ئەوجا ئاگاداری دەربارەی مرۆڤەکان پڕ بکەوە.

| خشتەی بارستە | |
|---|---|
| Naw | Kg |
| Erdelan | 41 |
| Aram | 44 |
| Sara | 35 |
| Wan | 30 |

| خشتەی درێژی | |
|---|---|
| Naw | Cm |
| Erdelan | 130 |
| Aram | 145 |
| Sara | 129 |
| Wan | 120 |

| خشتەی ژمارەی خوشکوبرا | |
|---|---|
| Naw | Dane |
| Erdelan | 1 |
| Aram | 3 |
| Sara | 2 |
| Wan | 1 |

| خشتەی تەمەن | |
|---|---|
| Naw | Sall |
| Erdelan | 10 |
| Aram | 9 |
| Sara | 11 |
| Wan | 8 |

- ئەردەلان: دە ساڵە، سەد و سی سانتیمەترە، چلویەک کیلۆیە و یەک خوشکوبرای هەیە.
- باسی ئارام بنووسەوە: - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - .
- باسی سارا بنووسەوە: - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - .
- باسی وان بنووسەوە: - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - .
- باسی خۆت بنووسەوە: - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - .

| | | |
|---|---|---|
| ___ + 5 = ___ | ___ + 5 = ___ | ___ + 5 = ___ |

**نەخشە**

ئەمە نەخشەی شارێیە و لارێی لێ دەبێتەوە. کێلەڕێی نێو نەخشەکە پڕ بکەوە.



- ❖ ڕێگەی مەیدانی ئەسپسواری دووهەم لارێی ڕاستە.
- ❖ ڕێگەی هۆڵی سەهۆڵوازی چوارەم لارێی ڕاستە.
- ❖ ڕێگەی مەلەوانگە دووهەم لارێی چەپە.
- ❖ ڕێگەی یاریگەی فوتبۆڵ یەکەم لارێی چەپە.
- ❖ ڕێگەی فێرگە چوارەم لارێی چەپە.
- ❖ ڕێگەی باخی یاری سێهەم لارێی ڕاستە.
- ❖ ڕێگەی کەنار زێ یەکەم لارێی ڕاستە.
- ❖ ڕێگەی ماڵی خۆتان سێهەم لارێی چەپە.

| | | |
|---|---|---|
| | | |
| ___ + 3 = ___ | ___ + 10 = ___ | ___ - 11 = ___ |

**مەتەڵ**

- ❖ ئەوە چییە هەر دەڕوات و ناگاتە دەرگە؟
- ❖ تۆپ چەند دیوی هەیە؟
- ❖ سەربانێکە و بنبانێکە، چوار مەڕ و شوانێکە. چییە؟
- ❖ ئەوە چییە هەتا لێی دەرکەیت گەورەتر دەبێت؟
- ❖ سێ پێنج پازدە، دوو هەڤدە، سێ بیست. دەکاتە چەند؟



گەر پێویستت بە یارمەتی بوو سەیری ئەم دێڕە بکە.



| | | |
|---|---|---|
| | | |
| ___ + 5 = ___ | ___ + 5 = ___ | ___ - 20 = ___ |

## کێلەڕێی دەستکردی خۆت

| | | |
|---|---|---|
| | کێلەڕێی سێگۆشە نیشانەی وریاکردنەوەیە. ڕەنگەکانیشی سوور، زەرد و ڕەشن.<br><br>کێلەڕێیەک داڕێژە بۆ وریاکردنەوە لە مار. |  |
| | کێلەڕێی قەدەخەکردن بازنەیە و زۆر جار هێڵێکی بەسەردا کێشراوە. ڕەنگەکانیشی سوور، زەرد و ڕەشن.<br><br>کێلەڕێیەک داڕێژە بۆ قەدەخەکردنی خواردنی بەستەنی. |  |
| | کێلەڕێی ئاگاداری چوارگۆشەیە. ڕەنگەکانیشی شین و سپی و ڕەشن.<br><br>کێلەڕێیەک داڕێژە مەودا پێشان بدات بۆ ئەو شارەی بەنیازیت سەردانی بکەیت. |  |

| | | |
|---|---|---|
| ___ + 11 = ___ | ___ - 4 = ___ | ___ - 10 = ___ |

**پۆلێنی ئەلفوبێ**

بە وردی لەم ئەلفوبێیە ڕامێنە.

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A | B | C | Ç | D | E | Ê | F |
| G | H | I | Î | J | K | L | M |
| N | O | P | Q | R | S | Ş | T |
| U | Û | V | W | X | Y | Z | |

- کام پیتانە بریتین لە سێ هێڵی ڕێک؟
- کام پیتانە شێوەی بازنەیان تێدایە؟
- کام پیتانە نیشانەی سەروژێریان هەیە؟
- کام پیتانە هێڵی چەمکار (کەوانەیی)یان هەیە؟
- کام پیتانە بە بێ دەست هەڵگرتن دێتە نووسین؟
- کام پیتانە هاوشێوەی یەکدین؟

خانەکان بە پیتی هاوشێوە پڕ بکەوە:

| | | |
|---|---|---|
| A | O | E |
| N | V | R |

| | | |
|---|---|---|
| ___ + 9 = ___ | ___ + 10 = ___ | ___ - 20 = ___ |

**تەونی هەزارەکی بە دەیان**

خانەی ڤالا بە ژمارەی گونجاو پڕ بکەوە.

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 10 | 20 | 30 | | 50 | | 70 | | | 100 |
| 110 | | | 140 | | | 170 | | 190 | |
| 210 | 220 | | | 250 | | | 280 | | 300 |
| | | 330 | | | 360 | | | | 400 |
| 410 | | | 440 | | | 470 | | 490 | |
| | 520 | | | 550 | | | 580 | | |
| 610 | | | | 650 | | | 680 | | 700 |
| | 720 | | 740 | | | | 780 | | 800 |
| | | 830 | | 850 | | | 880 | | |
| 910 | | | 940 | | 960 | | | 990 | |

هەر خانەیەک دوو ڕەنووسی وێکچووی هەیە، بە سوور ڕەنگڕێژی بکە.

خانە سوورەکان چی پیشان دەدەن، بازنە یان تیرەسایە؟

هەر خانەیەک ڕەنووسی یەکی تێدایە، بە شین ڕەنگڕێژی بکە.

خانە شینەکان چی پیشان دەدەن، هۆشە یان برووسکە؟

لە تەونی هەزارەکیدا کام ڕەنووس لە هەموان زیادتر بوونی هەیە؟

| | | |
|---|---|---|
| | | |
| ___ + 10 = ___ | ___ + 10 = ___ | ___ + 10 = ___ |



**شەترەنج**

ئەمە تەختی شەترەنج و داشەکانیەتی: یەک شا، یەک شالیار، دوو قەڵا، دوو هەسپ، دوو فیل و هەشت سەرباز.

سەیری ئەم تەختی شەترەنجە بکە و بەرسڤی پرسیارەکان بدەوە.

- ❖ داشەکان چەند ڕەنگن؟
- ❖ تەختەکە چەند خانەیە؟
- ❖ چەند خانەی ڕەشە؟
- ❖ چەند خانەی سپییە؟
- ❖ چەند «سەرباز»ی سپییە؟
- ❖ چەند «سەرباز»ی ڕەشە؟
- ❖ چەند داشی سپییە؟
- ❖ چەند داشی ڕەشە؟
- ❖ چەند قەڵای سپییە؟
- ❖ چەند هەسپی ڕەشە؟
- ❖ چەند سەرباز لەسەر تەختە؟
- ❖ چەند شالیار دەبینیت؟
- ❖ چەند شا دەبینیت؟

| | | |
|---|---|---|
| ___ - 10 = ___ | ___ - 20 = ___ | ___ + 6 = ___ |

## کێ بوو براوەی بادمینتۆن؟

ئەم دۆستانە یاریی «بادمینتۆن» (ڕیشە) Badminton ـیان کردووە و ئەمەش ئەنجامەکان:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| Orato - Hêlîn | 9-11 | Lorîn - Gelawêj | 11-9 | Yaran - Ferhad | 11-9 |
| Hêlîn - Lorîn | 11-3 | Gelawêj – Yaran | 1-11 | Orato - Lorîn | 11-4 |
| Hêlîn - Gelawêj | 11-2 | Lorîn – Yaran | 11-3 | Gelawêj - Ferhad | 2-11 |
| Orato - Gelawêj | 11-9 | Hêlîn – Yaran | 11-9 | Lorîn - Ferhad | 11-9 |
| Orato - Yaran | 11-9 | Hêlîn - Ferhad | 11-7 | Orato - Ferhad | 11-7 |



- ❖ ئۆراتۆ چەند گەمەی کردووە؟
- ❖ ئۆراتۆ چەند گەمەی بردۆتەوە؟
- ❖ ئۆراتۆ چەند گەمەی دۆڕاندووە؟

ئەم خشتەیە بۆ هەموان پڕ بکەوە.

| ناو | ژمارەی یاری | ژمارەی یاریی براوە | ژمارەی یاریی دۆڕاو |
|---|---|---|---|
| ئۆراتۆ | | | |
| هێلین | | | |
| لۆرین | | | |
| گەلاوێژ | | | |
| یاران | | | |
| فەرهاد | | | |

- ❖ کێ زۆرترین یاریی بردۆتەوە و بە یەکەم ناودێر کراوە؟ - - - - - - - - - - -
- ❖ کێ دووهەمە؟ - - - - - - - - - - - کێ سێهەمە؟ - - - - - - - - - - -
- ❖ کێ چوارەمە؟ - - - - - - - - - - - کێ پێنجەمە؟ - - - - - - - - - - -
- ❖ کێ شەشەمە؟ - - - - - - - - - - -.

| | | |
|---|---|---|
| ___ + 11 = ___ | ___ + 11 = ___ | ___ + 11 = ___ |

**خشتەی پۆل**

فەرموو خشەی پۆلەکەت پڕ بکەوە. وانەکان: کوردی K، ئینگلیزی E، ماتەماتیک: Ma، موزیک Mu، وەرزش W، هونەرکاری: H، وانەکانی ڕێدۆزی: R (بابەتەکانی سەردەرکردن لە زانست، مێژوو، جیۆگرافیا...)، وانەی خۆفەرمان: Xo (فێرخواز بەرنامەی خۆی دادەڕێژێت و مامۆستا هاریکارە).

- ❖ موزیک: پێنجەم وانەی سێشەممە.
- ❖ هونەرکاری: چوارەم وانەی یەکشەممە و پێنجشەممە.
- ❖ وەرزش: چوارەم وانەی دووشەممە و چوارشەممە.
- ❖ وانەی خۆفەرمان: پێنجەم وانەی دووشەممە و چوارشەممە.
- ❖ کوردی: یەکەم وانە و کۆتا وانەی هەموو ڕۆژێک.
- ❖ ئینگلیزی: سێهەم وانە و هەفتەم وانەی هەموو ڕۆژێک.
- ❖ ماتەماتیک: دووهەم وانەی هەموو ڕۆژێک.

ئەو کاتانەی دەمێنێت بۆ وانەکانی ڕێدۆزییە کە زانست، مێژوو، جیۆگرافیا و دین بەسەر دەکاتەوە.

| کات | یەکشەممە | دووشەممە | سێشەممە | چوارشەممە | پێنجشەممە |
|---|---|---|---|---|---|
| 8:00-8:40 | K | | | | |
| 8:40-9:20 | | Ma | | | |
| 9:20-10:00 | پشوو | | | | |
| 10:00-10:40 | | | E | | |
| 10:40-11:20 | | W | | | H |
| 11:20-12:00 | فراقین | | | | |
| 12:00-12:40 | | | | | |
| 12:40-13:20 | | | | | |
| 13:20-14:00 | | | E | | |
| 14:00-14:40 | | | K | | |

کام ڕۆژی فێرگە لە هەموان خۆشترە؟ - - - - - - - - - -. بۆ؟ - - - - - - - - - - - - - - - -.

| | | |
|---|---|---|
| ___ + 6 = ___ | ___ - 20 = ___ | ___ - 20 = ___ |

**نەخشی ژمارە**

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 2 | 3 | 4 | - | - | - | - | - |
| 1 | 3 | 5 | 7 | - | - | - | - | - |
| 2 | 4 | 6 | 8 | - | - | - | - | - |
| 3 | 6 | 9 | - | - | - | - | - | - |
| 5 | 10 | 15 | 20 | - | - | - | - | - |
| 10 | 20 | 30 | 40 | - | - | - | - | - |
| 100 | 200 | 300 | 400 | - | - | - | - | - |
| 1000 | 2000 | 3000 | - | - | - | - | - | - |
| 50 | 49 | 48 | 47 | - | - | - | - | - |
| 100 | 98 | 96 | 94 | 92 | - | - | - | - |

| | | |
|---|---|---|
| ____ + 25 = ____ | ____ - 25 = ____ | ____ - 7 = ____ |

## پسوولەیەکی پەنهان

تەماشای ئەم پسوولەیە بکە.

| فرۆشگەی شارەزوور | | |
|---|---|---|
| بەروار: 20-03-2017 کات: 11:30. | | |
| بابەت | | دۆلار |
| خۆشاوی پرتەقاڵ | | 2.90 |
| مریشکی برژاو | | 49.90 |
| قاوە | | 15.50 |
| نان | دوو کیسە x 14.90 | 9.80 |
| شیر | | 5.50 |
| ماست | | 6.40 |
| ڕۆنەکەرە | | 11.50 |
| هێلکەی گەورە | پاکەتی شەشەکی | 12.90 |
| لۆبیا | | 17.50 |
| فاسۆلیا | | 16.50 |
| کۆی گشتی | | 148.4 |
| لە کڕیارەوە | دراڤ | 200 |
| بۆ کڕیار | دراڤ | 51.6 |

- ❖ ڕۆژ و کاتی ئەم بازاڕییە کەی بووە؟
- ❖ کۆی گشتی ئەم خەرجییە کردییە چەند؟
- ❖ جۆری پارەدانەکە چۆن بوو، بە کارت یان دراڤ؟
- ❖ فرۆشیار چەندی گەڕانەوە بۆ کڕیار؟
- ❖ کام بابەت لە هەموان گرانتر بوو؟
- ❖ کام بابەت لە هەموان هەرزانتر بوو؟
- ❖ چەند بابەت لەم پسوولەیەدا هەیە؟

باس لە پسوولەیەکی خۆت بکە.



| | | |
|---|---|---|
| ___ + 5 = ___ | ___ + 5 = ___ | ___ + 7 = ___ |

## گەنجی شاراوە

کەرەستەی نێو ئەم پاکەتانە بنووسە و ئەوەی دەمێنێت ڤەشارگەی گەنجە.



- پێنووسی سوور – خشتەکی سەرپەڕی چەپ، ڕەففەی سەرەوە
- وێنەی گوڵ – لوولەکی چەپ، ڕەففەی سەرەوە
- وێنەی پشیلە – لوولەکی ڕاست، ڕەففەی سەرەوە
- پێنووسی شین – خشتەکی سەرپەڕی ڕاست، ڕەففەی سەرەوە
- گۆڤاری زانست – خشتەکی سەرپەڕی چەپ، ڕەففەی ناوەند
- کارتی گۆرانیبێژان – لوولەکی ڕەففەی ناوەند
- کارتی یاریزانان – شەشپالووی ڕەففەی ناوەند
- گۆڤاری موزیک – خشتەکی سەرپەڕی ڕاست، ڕەففەی ناوەند
- شانە و ئاوێنە – لوولەکی سەرپەڕی چەپ، ڕەففەی خوارەوە
- کاتژمێری کۆن – خشتەکی ڕەففەی خوارەوە
- پێنووسی مۆر – لوولەکی سەرپەڕی ڕاست، ڕەففەی خوارەوە

گەنجەکە لە کوێدایە؟

| | | |
|---|---|---|
| ___ + 5 = ___ | ___ + 5 = ___ | ___ - 20 = ___ |

**پەیجۆری**



پێنج ژمارەیەکی سەرنجڕاکێشە. هەر دەستێک پێنج پەنجەی هەیە. جار هەیە بۆ ژماردن، پێنج بەم جۆرە دەنووسرێت:

بەو جۆرە ژمارەدنە دەڵێین «چیلکەژمێر».

ئەم پرسیارانە ئاڕاستەی پۆلەکەت بکە و لە جێی خۆیدا هێڵ بکێشە بۆ هەر وەڵامێک.

| هەموو ڕۆژێک سەیری تیڤی دەکەیت؟ | |
|---|---|
| ئەری | نا |
| | |

| هەفتانەت هەیە؟ | |
|---|---|
| ئەری | نا |
| | |

| هەموو ڕۆژێک دەخوێنیتەوە؟ | |
|---|---|
| ئەری | نا |
| | |

| چەند خوشکوبرات هەیە؟ | | | |
|---|---|---|---|
| یەک | دوو | سێ | زۆرتر لە سێ |
| | | | |

❖ چەند کەس هەفتانەیان هەیە؟
❖ چەند کەس هەفتانەیان نییە؟
❖ ئایە زۆرینەن ئەوانەی ڕۆژانە سەیری تیڤی دەکەن؟
❖ کام ژمارەی خوشکوبرا هەرە باوە لەم پۆلەدا؟
❖ پرسیارت لە چەند کەس کردووە؟
❖ چەند وەڵامت وەرگرتەوە؟

| | | |
|---|---|---|
| ___ + 100 = ___ | ___ + 100 = ___ | ___ - 200 = ___ |

**میوه بۆ پۆلەکەت بکڕە**

به چوار شێوەی جیاواز بایی سەد دۆلار میوە بۆ پۆلەکەت بکڕە. ناوی میوە و نرخەکەی لێرەدا تۆمار بکە.



| میوه | دۆلار |
|---|---|
| هەنار | 15 |
| ترێ | 25 |
| سێو | 20 |
| پرتەقاڵ | 10 |
| هەنجیر | 5 |
| گێلاس | 25 |

| | |
|---|---|
| A | B |
| C | D |

به بۆچوونی تۆ کام لەو چوار شێوازە باشترینە؟

| | | |
|---|---|---|
| ___ + 20 = ___ | ___ - 10 = ___ | ___ - 9 = ___ |

## تەونێکی دیکەی سەدەکی

خانە ڤالاکان پڕ بکەوە.

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 0 | 1 | 2 | | 4 | | 6 | | 8 | 9 |
| 10 | 11 | | | | 15 | 16 | 17 | | |
| 20 | | | | | 25 | | | | 29 |
| | 31 | | 33 | | | | | 38 | |
| 40 | | | | 44 | | | | | |
| | | 52 | | | | | | | |
| | 61 | | | | | | | | 69 |
| | 71 | | | | | | 77 | | |
| 80 | | | | 84 | | | | 88 | |
| | 91 | | | | | | | | 99 |

نیشانەی X لە ژمارە سێ بدە. ئەوجا سێی بخە سەر و ئەمیش بە X نیشانە بکە. پاشان بەردەوام بە، سێ بخە سەر ژمارەی نوێ و بە X نیشانەی بکە. چی دەبینیت، هێڵی لار یان بازنە؟



ئەوجا هەمان کار تەک ژمارە چوار بکە. چوار بە بازنە O نیشانە بکە، چواری بخە سەر و ئەمیش بە O نیشانە بکە و پاشان بەردەوام بە. چی دەبینیت، میلدارە یان خاڵخاڵ؟



| | | |
|---|---|---|
| | | |
| ___ + 7 = ___ | ___ + 3 = ___ | ___ - 9 = ___ |

## چی دەبینیت؟

نیشانەی X بدە لەو خانەیەی
پیت و ژمارەکەی یەکانگیرن.

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| E1 | F1 | D2 | G2 | C3 | H3 | B4 |
| I4 | A5 | J5 | B6 | I6 | B7 | H8 |
| D8 | G8 | E9 | E10 | F9 | F10 | C8 |
| D4 | G4 | D6 | E7 | F7 | G6 | I7 |

| | A | B | C | D | E | F | G | H | I | J |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | | | | | | | | | | |
| 2 | | | | | | | | | | |
| 3 | | | | | | | | | | |
| 4 | | | | | | | | | | |
| 5 | | | | | | | | | | |
| 6 | | | | | | | | | | |
| 7 | | | | | | | | | | |
| 8 | | | | | | | | | | |
| 9 | | | | | | | | | | |
| 10 | | | | | | | | | | |



چی دەبینیت، ڕووخسار یان مەل؟

| | | |
|---|---|---|
| ____ + 8 = ____ | ____ + 10 = ____ | ____ - 10 = ____ |

**پەیژەی ئەڵوەند**

ئەڵوەند و هەڤاڵێک بەنیازن پەیژەیەک دروست بکەن پێی بچنە سەر درەخت.




- ❖ درێژیی ئەم پەیژەیە چەندە، دووسەد یان سێسەد سانتیمەتر؟
- ❖ پانیی ئەم پەیژەیە چەندە، پەنجا یان سەد سانتیمەتر؟
- ❖ ئەڵوەند نێزیکەی چەند مەتر داری پێویستە بۆ ئەم پەیژەیە؟ لە نێوان پێنج مەتر و دە مەتر کامیان باشە؟
- ❖ کوێی ئەم پەیژەیە دەبێت بزمارکوت بکرێت؟ بازنەیەکی بە دەوردا بکێشە. چەند بزمار پێویستە؟
- ❖ تۆ بە چەند کاژێر پەیژەیەکی وەها دروست دەکەیت. یەک یان دوو کاژێر؟

بۆ دروستکردنی پەیژە، کام لەم ئامێرانە پێویستن؟

داربڕەک (مینشار)، ڕەندە، چەکوش، مەترەپێو، پلایس، دەرنەفیز، بزمار، گەوەک، بزمارکێش، کاخەزی سمارتە، مەکینەی دروومان، شیشی چنین، ملاک (مراک، کەوچک)، ئامێری کونکەرە، چاویلکەی چاوپارێز، کڵاوی سەرپارێز.

| | | |
|---|---|---|
| | | |
| ___ - 5 = ___ | ___ - 5 = ___ | ___ - 5 = ___ |

## مەلەوانگە

پۆلەکەتان دەچێت بۆ مەلەوانگە. گۆلی مەلە بیستوپێنج مەتر درێژە.



ئەم خشتەیە پڕ بکەوە بۆ ئەوەی دیار بێت چەند مەتر مەلە کراوە.

| مەتر | 25 | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەر | یەک سەر | دوو سەر | سێ سەر | چوار سەر | پێنج سەر | شەش سەر | هەفت سەر | هەشت سەر | نۆ سەر | دە سەر |

- ❖ هەتا ئەمڕۆ درێژترین مەودا چەندت مەلە کردووە؟
- ❖ ئەو مەودایە یەکسانە بە چەند سەر؟
- ❖ نێزیکەی چەند خولەکی خایاند؟

| | | |
|---|---|---|
| ___ + 50 = ___ | ___ + 10 = ___ | ___ - 50 = ___ |

**لیستۆک بۆ پۆلەکەت**

کەلوپەلی یاری بایی پێنجسەد دۆلار بۆ پۆلەکەت بکرە.



| | |
|---|---|
| تۆپی باسکیتبۆڵ | 100 |
| سێتی بادمینتۆن | 150 |
| تۆپی تێنس | 10 |
| سکووتەر Scooter | 350 |
| تەنافی پەتپەتێن | 25 |
| تۆپی فوتبۆڵ | 50 |
| سێتی شەترەنج | 15 |

مەرجە دەبێت پێنج لیستۆک یان زیادتر بکرێت بۆ ئەوەی زۆرترین کەس یاری بکەن. دوو بژارە نیگارکێش بکە و بۆچوونەکەی خۆت ڕاڤە بکە.

| | |
|---|---|
| A | B |

بە دیدی تۆ کام لەو دوو بژارەیە باشترینە؟

| | | |
|---|---|---|
| ___ + 5 = ___ | ___ + 4 = ___ | ___ - 10 = ___ |

**چۆن دەکەیت؟**



کارەکەی خۆت بە نیگارکێشان و بە نووسین ڕاڤە بکە:

| | |
|---|---|
| ئەم پارچە چۆکلادە دابەش بکە بۆ چوار بەشی یەکسان. | ئەم پارچە چۆکلادە دابەش بکە بۆ هەفت بەشی یەکسان. |
| ئەم پارچە چۆکلادە دابەش بکە بۆ سێ بەشی نایەکسان. | ئەم پارچە چۆکلادە دابەش بکە بۆ دوو بەشی نایەکسان. |

| | | |
|---|---|---|
| ___ + 9 = ___ | ___ + 10 = ___ | ___ - 30 = ___ |

**سوودۆکوو Sudoku به‌ چوار ژماره‌**

له‌ «سوودۆکوو»دا ژماره‌ی بزر هه‌یه‌. ئه‌مه‌یان «سوودۆکوو»یه‌کی پڕه‌.

ستوون ⇩

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 2 | 3 | 4 | ⇦ دێڕ |
| 4 | 3 | 2 | 1 | ⇦ چوارگۆشه‌ی شین |
| 2 | 1 | 4 | 3 | ⇦ چوارگۆشه‌ی سوور |
| 3 | 4 | 1 | 2 | |

❖ ئایا ژماره‌کانی 1, 2, 3, 4 له‌ گشت ستوونه‌کاندا هه‌ن؟ ئه‌رێ / نا

❖ ئایا ژماره‌کانی 1, 2, 3, 4 له‌ گشت دێڕه‌کاندا هه‌ن؟ ئه‌رێ / نا

❖ ئایا ژماره‌کانی 1, 2, 3, 4 له‌ گشت چوارگۆشه‌کاندا هه‌ن؟ ئه‌رێ / نا

خانه‌ی ڤالا پڕ بکه‌وه‌:

| | | | |
|---|---|---|---|
| | 3 | 1 | 2 |
| 2 | 1 | | 4 |
| 3 | 4 | | 1 |
| 1 | | 4 | |

ئایا ژماره‌کانی 1, 2, 3, 4 له‌ گشت ستوونه‌کاندا هه‌ن؟

ئایا ژماره‌کانی 1, 2, 3, 4 له‌ گشت دێڕه‌کاندا هه‌ن؟

| | | | |
|---|---|---|---|
| 3 | | 1 | 4 |
| 1 | 4 | | 2 |
| | 1 | 2 | 3 |
| 2 | 3 | 4 | |

| | | |
|---|---|---|
| ___ + 100 = ___ | ___ + 100 = ___ | ___ - 100 = ___ |

## زانرۆژی لە کام مانگدایە؟

چارەگ (چارەک) ئەوەیە بابەتێک دابەش بکەیت بۆ چوار بەشی یەکسان.



ساڵ بریتییە لە چوار چارەگ و هەر چارەگێک بریتییە لە سێ مانگە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| January 31 | February 28 (29) | March 31 | چارەگی یەکەم |
| April 30 | May 31 | June 30 | چارەگی دووهەم |
| July 31 | August 31 | September 30 | چارەگی سێهەم |
| October 31 | November 30 | December 31 | چارەگی چوارەم |

- ❖ زانرۆژی تەواو لە مانگێکدایە سیویەک ڕۆژی هەیە و دەکەوێتە چارەگی دووهەم. کام مانگەیە؟
- ❖ زانرۆژی نارین لە مانگێکدایە ساڵی پڕ بیستونۆ ڕۆژی هەیە. کام مانگەیە؟
- ❖ زانرۆژی سەروەر لە مانگێکدایە سی ڕۆژی هەیە و دەکەوێتە چارەگی سێهەم. کام مانگەیە؟
- ❖ زانرۆژی نازەنین لە مانگێکدایە سی ڕۆژی هەیە و دەکەوێتە چارەگی چوارەم. کام مانگەیە؟
- ❖ زانرۆژی ڕۆبەرت لە مانگێکدایە ناوەکەی بە زمانی ئینگلیزی کەمترین پیتی هەیە. کام مانگەیە؟

| | | |
|---|---|---|
| ___ + 9 = ___ | ___ - 100 = ___ | ___ + 5 = ___ |

**چوارگۆشەی لێ ساز بکە**

هێڵێک ڕاکێشە لە نێوان دوو نیگاردا چوارگۆشە پێک بهێنن.



| | | |
|---|---|---|
| ___ + 7 = ___ | ___ + 10 = ___ | ___ - 14 = ___ |

## نیگاردۆزی

بە پێنووس و ڕاستە شوێنپێی ڕستەکان هەڵبگرەوە و بزانە دەگەیتە کام نیگار.

- لە «سەرشار»ەوە بکەوە ڕێ.
- دوو سانتیمەتر بۆ پێشەوە. چوار سانتیمەتر بۆ ڕاست. سێ سانتیمەتر بۆ پێشەوە. شەش سانتیمەتر بۆ چەپ. دوو سانتیمەتر بۆ پێشەوە.




گەیشتیتە کام نیگار؟

| | | |
|---|---|---|
| ___ + 20 = ___ | ___ + 10 = ___ | ___ - 45 = ___ |

**سەنگی ئەم بارە چەندە؟**

گەر دەتەوێت ژمێرک بەکار بهێنە.



35 kg

سیوپێنج کیلۆیە.



45 kg

بارەکەی چەند کیلۆیە؟



55 kg

بارەکەی چەند کیلۆیە؟



75 kg

بارەکەی چەند کیلۆیە؟

| | | |
|---|---|---|
| ___ + 100 = ___ | ___ + 100 = ___ | ___ - 200 = ___ |

## گەیشتینە ئامانج

____ + 6 = ____ ____ + 10 = ____ ____ - 7 = ____

____ + 7 = ____ ____ + 10 = ____ ____ - 11 = ____

____ + 8 = ____ ____ - 10 = ____ ____ - 7 = ____

____ + 9 = ____ ____ + 10 = ____ ____ - 7 = ____

____ - 10 = ____ ____ - 10 = ____ ____ + 7 = ____

____ + 11 = ____ ____ + 10 = ____ ____ - 11 = ____

____ + 12 = ____ ____ + 10 = ____ ____ - 7 = ____

____ + 5 = ____ ____ + 10 = ____ ____ - 40 = ____ **Amanc**

**بەرۆکگیریی دیکە**

وێنەیەکی وەرزشی لە گۆڤار و ڕۆژنامە دابڕە. بیکە بە دە پارچەوە و پاشان هەوڵ بدە پارچەکان لەیەک بدەیتەوە.

- لاپەڕەی ڕۆژنامەیەک بگرە دەست و بکەوە ژمارەدۆزی. هەر ژمارەیەکت دۆزییەوە بازنەیەکی لە دەور بکێشە.
- لیستێک بکە بە خۆشترین دە جۆر میوەی خۆت پێت خۆشن.
- خۆت فێر بکە بە چەند زمانێکی دیکە هەتا پێنج بژمێریت.
- گریمان هەزار دۆلارت بە دیاری وەرگرت. چی لێ دەکەیت؟ بینووسە.
- لیستێک بە ژمارەی تەلەفۆنی هاوڕێکانت ئامادە بکە.
- لە ماوەی پێنج خولەکدا دەتوانیت چەند ژمارەی جیاواز بنووسیت؟ ژمارە سەد بکە دەستپێک.
- لە ماوەی پێنج خولەکدا هەتا چەند دەتوانیت بژمێریت؟ ژمارە سەد بکە دەستپێک.
- گەمەی بەرد/مەقەست/کیسە Paper-rock-scissors فێربە و تەک هەڤاڵێکدا بیکەنە کێبەرکێ.
- داوا لە هەڤاڵێکت بکە یاریی شەترەنجت فێر بکات.




- نەخشەیەک بکێشە ڕێگەی نێوان ماڵەوە و فێرگە ڕوون بکاتەوە. نەخشەکە بۆ هەڤاڵێک ڕاڤە بکە.
- درێژی، پانی و بەرزیی کەلوپەلی پۆل بپێوە و پاشان نەخشەیان لێ بکێشە. ئەوجا داوا لە هەڤاڵانت بکە هەڵی بێنن وێنەی سەر نەخشە کام کەلوپەلە لە پۆلدا؟
- ژمێرکاریی سەخت بۆ خۆت بنووسە و پاشان بە ژمێرک ئەنجامدۆزیان بکە.
- چیرۆک دەربارەی دووچەرخەیەک بنووسە. هەوڵ بدە نووسینەکەت چەند ژمارەیەکی تێدا بێت.
- تەماشای وانەکانی ئەم کتێبە بکە و هەوڵ بدە وانەی ماتەماتیکی تایبەت بە خۆت داڕێژیت.

**هەڵسەنگاندن**

- ❖ بەروار - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -
- ❖ پۆل - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -
- ❖ ناوی مامۆستاکەت - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -
- ❖ ناوی هەڤاڵی هاریکار - - - - - - - - - - - - - - - - - -
- ❖ کام لاپەڕە لە هەموان خۆشتر بوو؟ - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -
  بۆچی؟ - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -
- ❖ ئایا گفتوگۆت دەربارەی کارەکانی خۆت تەک مامۆستا و فێرخوازی دیکە کردووە؟
  چەند و چۆن؟ ڕاڤەی بکە - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -
- ❖ ژمێرکت بۆ ئەنجامدۆزیی پرسیارەکانی ئەم کتێبە بەکار هێناوە؟ چەند و چۆن؟
  ڕاڤەی بکە - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -
- ❖ بەدەم ئەنجامدۆزیی پرسیارەوە نیگار دەکێشیت؟ - - - - - - - - - - - - - - - -
  بۆچی؟ - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -
- ❖ بە بۆچوونی تۆ، کەی باشترین کاتە بۆ فێربوونی ماتەماتیک؟ - - - - - - - - - - - - - - -
- ❖ چی هەیە لە ماتەماتیکدا پێت خۆشە زیادتری لێ بزانیت؟ - - - - - - - - - - - - - - - - -

www.sica.se

«...»